ئاسۆ بیارەیی
2005-9-11 سوێد

## وەڵامێکی سەرپێیانە بۆ کاک ئەزمەر گەرمیانی

من ناچمە ناو قوڵایی باسەکەی تۆوە و ئەوە کاری من نییە کە داکۆکی لەو کەسانە بکەم کە تۆ ناوت هێناون،چۆنکە زۆربەیان ناناسم. ئەوەی کە من دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم:-

- هیچ کاتێک چەپەکانی کوردستان وەکو ئایدۆلۆژیا و پراکتیک دژی خواست و ئاواتەکانی گەلی کوردستان و گەلانی ترنەبوون. حەزدەکەم بزانیت، داگیرکەرانی کوردستان بە گەلی کوردستانی باشور لامەرکەزێکی خێڵەکیش ڕەوا نابینن و ئەنفالیشیان کرد. بەڵام حزبی شیوعی عێراق لە سەرەتای دروستبوونیەوە لەسالانی سییەکاندا مافی چارەی خۆنووسینی بۆ گەلی کوردستان دیاری کردووە*ڕۆژنامەی **اتحاد الشعب زمانحاڵی حشع**، کۆنگرەی یەکەم و **مادەی 27 لە پەیڕەوپرۆگرامی ساڵی 1945**. دەتوانیت مێژوو و بەڵگەنامەکانی حشع بخوێنیتەوە. شیوعییەکان بەهەزارەها شەهیدیان لە پێناوی مافی کورد و یەکسانی ئینسانی نەتەوەکانی ترد داوە،بەتایبەتی لە شۆڕشی ئەمجارەدا، پێشمەرگەکانیان هیچیان لە پێشمەرگەی پارتییەکانی تری کوردستان کەمترنەبووە و هەردەم لە سەنگەری پێشەودا بوون. دیارە جەنابت هێشتا ئاشنای خەباتی شییوعیەکان نیت.
- زۆرخۆشە مرۆڤ کەمێک بە ویژدانەوە باسی مێژووی کەسێک یان تاقمێک بکات، بەراوردیان بکات، لێرەدا مەبەستت ئەوە دەپێکێت کە ئەگەر ئەندامی حزبەکانی تر
-

شێخ زانای تیرۆریست چۆن دەرفەتی شلۆقی و درۆشمی ژمارە کەڵەکەکردنی ( پدك ) ی قۆستەوە و لە نێو هەناویدا گرووپی تیرۆریستی دروست کرد و کاری ئەنجام دا ، ئەوا ئەم تاقمەش کە دزەیان کردووە و میوانداری ئاشکرایان لێ دەکرێت ، مۆڵەت دراون لە نێو دڵی پارتا کار بکەن ، ئیمڕۆ نیشانەی سکاندالن بە دادۆشینی ئایدۆلۆژی و گەڕا خستی ڕێکخراوەیی و لرف لێدانی دارایی خودی پارتییەوە و سبەینێ دەبنە هۆکاری کارەسات و ماڵوێرانییەکی دیکەی پڕ لە ئابڕوو چوون .

سەنگەریان گۆڕی ئەوانیش تیرۆرستن!!!

پاش ئەو هەرەسخواردنەی بەسەر کۆمۆنیزمدا هاتووە ، حشع هەموو کادێرەکانی خۆی پێ بەخێو ناکرێت و ناتوانێت ڕۆڵی بەرچاو و پێشڕەو لەسەر گۆڕەپانی کوردستاندا بلێزێت

- باسی عروبە و پێشێلکردنی مافی کورد دەکەیت. کە سەرانی بزوتنەوەی کورد لەناو یەکدیدا ناتەبان، پارچەیەکی کوردستانیان کردووە بە دوو ئیمارەت و ماڵی داگیرکەران دروست دەکەنەوە، پێوەندی ئاشبەتالی کۆمونیزم ودۆڕاندنی دۆزی کورد کامەیە؟ کورد باشترین هەلی مێژوویی بۆ هەڵکەوتووە، کە ڕابەی بوێری نییە، تاوانی کۆمۆنیزم چییە؟ کاکە! جڵەوی گەل بەدەست دوو زلهێزەوەیە کە هێشتا لە شەڕەپەڕۆ ڕزگاریان نەبووە.

- براکەم! مامەڵەی چی و بازاری چی؟ مرۆڤ ئازادە کە چپارتییەک هەڵ دەبژێرێت. گرنگ ئەوەیە دژایەتی گەلی خۆی نەکات. هچ پارتییەک تاسەر بۆ کەس تاپۆ نییە.

ئەم مامەڵە دووسەرە، خۆبەخێوکردن و کرینی کۆمۆنیستی دەمامك لە روو دۆڕاو ، زیانە بە بڕشت و مانای بزووتنەوەی رزگاریخوازی راستەقینە و باوەڕی کوردایەتی دەکەوێت . ئەم بەرپرسیارێتییەش وا لە ئەستۆی بنەماڵەی بارزانی و هەموو رۆشنبیرێکی خاوەن هەڵوێست و باوەڕدا .

دیارە جەنابت پارتییت، بەڵام وێ دەچێت قەڵەمەکەت کەڵکی نییە، بۆیە مزاجت بەو شیوعیانەی تێکچووە کە ئەمڕۆ جێی متمانە و بڕوای پارتین. لە کۆتاییدا نازانم لە چی ترساویت کەوا بەناوی نهێنییەوە ئەم گلەییانەت نووسیووە؟ دوورنییە لە دەزگای بڵاوکرنەوەی پارتیی کارمەند بیت و کۆنە شیوعیەکی زیرەک، لەسەرو تۆوە باشتر دەستی بڕوات. یان تازە پەیوەندیت بە شۆڕشەوە کردووە و کەس لات لێ ناکاتەوە!!!!!

---

بڕوانە:- 2005-9-10

پارتی هێلانەی کۆمۆنیستی دۆڕاو. . . ئەزمەڕ گەرمیانی http://www. kurdistannet.org